به لای هەندێک منداڵدا تێپەڕی وسەلامی لێیان کرد، ووتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمە ئەنجامدەدا

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- : «بە لای هەندێک منداڵدا تێپەڕی وسەلامی لێیان کرد، ووتی: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمە ئەنجامدەدا»
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

فەرموودەکە ئامۆژگاریکردنی تێدایە بە سادە بوون وسەلام کردن لە خەڵکی، وئەمیش سادە بوونی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەردەخات، وسەلامی لە منداڵەکان دەکرد کاتێک بە لایاندا تێپەڕ دەبوو، وهاوەڵانیش وەکو ئەو کردەوەیان دەکرد -ڕەزای خوایان لێبێت-، ولە نێویانیشدا ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- کاتێک بە لای منداڵەکاندا تێپەڕ بووایە سەلامی لێدەکردن، کاتێک بەرەو بازاڕ دەچوو وئەوان یاریان بکردایە سەلامی لێدەکردن ودەیووت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی ئەنجامدەدا، واتا سەلامی لە منداڵان دەکرد، وئەمیش لە نیشانەی سادە بوون وڕەوشت جوانیە، وپەروەردە وفێرکردن وڕێنموێنی کردنە لەسەر ڕەوشتی سەلامکردن، وبۆ ڕێزگرتن وڕاکێشانی دڵی منداڵانە ئەگەر لەم تەمەنەدا هەست بکەن گرنگیان پێدەدرێت لە لایەنی کەسانی دیندار وچاکەوە ئەوا زیاتر ئاینەکەیان خۆشدەوێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5659